# شاپور و قابیل دوو ڕابەر و دوو ئینسانی هەمیشە زیندوون

**هیدایەت مەلا عەلی**
Hidayat_malaali@yahoo.com
2005/4/18

**دانیمارك**

**شاپور و قابیل دوو ناوی دیار و دوو ڕابەری مەیدانی بزوتنەوەی کۆمۆنستی و جەماوەری لە کوردوستان . شاپور و قابیل دوو ئینسانی هەمیشەسەرحاڵ و ووره بەرز.شاپور وقابیل نموونەی دووکۆمۆنیستی واقیعی و پەیدابووی نێو هەناوی بزوتنەوەکەی خۆیان . شاپور و قابیل سەنگەرێکی قایمی هەکەس کە ئەوانی بە پشتوو پەنای خۆی ئەزانی .ئاوارەکان , بێکاران , ژنان , لاوان , دەست فرۆش و حەماڵە کان . ئەمانە هەموو ئەوانەن کە شاپور و قابیل یان وەك بارەکانی پشتیان و وەك سندوقە شڕەکانی بەر بەرۆکیان ئەناسی .ئەوەی ئەم دوو ڕابەرە هەمیشە بە زیندووی ئەهێڵێتەوە سەرەڕای تێپەڕبوونی 7 ساڵ بەسەر تیرۆر کردنیان و گیان بەخشینیان بە یەکسانی و خۆش گوزەرانی ئینسانەکان ئەوەیە کە ئەم دوو کۆمۆنیستە ئەم دوو ڕابەرە جەماوەریە ئەم دوو سەرکردە حیزبیەی حككع نوێنەر و پێشڕەوی نارەزایەتیەکانی کۆمەلانی مەحروم و ستەم لێچوو بوون .**

**هەرکەس بۆیەك چرکەش ئەم دوو ئینسانەی بدیایە ئەگەر مخالیفیش بووایە پێیان ئالودەیان دەبوو و خۆشی دەویستن . سەراحەت , ڕاستگۆی , تیژی لە بەرگری کردنی خەڵك , زمان شیرینی , قانع کەر , دڵسۆز , ئاسۆ بین, هتد خەسڵەت و سروشتی ئەم دوو ڕابەرە بوون . هەرگیز قسەیەکی دایکی شاپورم بیر ناچێت کاتێك لەسەر قەبران لە بەر خۆیەوە وەك دایکێك ئەگریاو ئەیووت " ڕۆڵە بە هەتیوی و بە فەقیری بەخێوم کردی " ئیتر تێگەشتم ئەم دوو ڕابەرە ئەم هەموو سروشتە ئینسانیانەیان لە کوێوە هێناوە .ئەم دوو ئینسانە ناویان لە مێژووی کۆمۆنستی و بەرگری کردن لە ئینسانە زەحمەتکێش و بێبەشەکانی کۆمەڵگای کوردوستان وعێراقداتۆمار کراوە و تەنانەت سەرسەختترین نەیارانی سیاسی یان ناتوانن جێگای شیاویان لە خوێندنەوە و گێڕانەوەی ڕوداوەکاندا بۆ دانەنێن .**

**شاپور و قابیل بۆیە تیرۆر کران چونکە دەیانوویست ئینسانەکان بە یەکسانی بژین, ژنان تیرۆر نەکرێن , منالان کاریان پێنەکرێت , ئاوارەی نەمێنێت , بێکاری کۆتای پێ بێت , دین لە دەووڵەت و پەردەردە جیاکرێتەوە , سەرگەردانی سیاسی کوردوستان کۆتای بێت و دەووڵەتی سەربەخۆ ڕابگەیەنرێت ,ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان ببێتە قانوون , زیندان و سەرکووت نەمێنێت , ئیسلامی سیاسی دەست کۆتا بکرێت , بەکورتی ژیانێکی ئینسانی بۆ سەرجەم ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە فەراهەم بکرێت . خواستی شاپور و قابیل دژی بەرژەوەندی و چاوچنۆکی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردوستان و دەستەوتاقمی ئیسلامی بوو . بۆیە دەستێکی ڕەش ڕەشتر لە مێژوویان لە 1998/4/18لە بنکەی یەکیتی بێکاران لە هەولێر گەشتە گیانی ئەم دوو ڕابەرە و بۆ یەکجاری و تەنها بە جەستە لە ناومان نەمان .**

**لە یادی تێپەڕبوونی 7 ساڵ بەسەر گیانبەخت کردنی هاوڕێ یان شاپور و قابیل دا جارێکی تر وەفا تازەدەکەینەوە کە درێژە پێدەری ڕێگاکەی ئەوان بین و هەڵسووڕان و ئەزمونێك لە وانەوە فێربووین سوودی لێوەرگرین و دەست بەرداری نەبین .**

**بژین شاپور و قابیل**
**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق**
**ڕسوای بۆ دەستەوتاقمە تیرۆریستە ئیسلامیەکان**